# منداڵییەك لەكاغەز



**كەژاڵ عەلی**

من خەڵكی وڵاتی چەقۆم
لەیەكێك لەگەڕەكە ژەنگاوییەكانی ترس،
كۆڵانێك لەملا شەڕ،
بەدەستی گوماندا،
لەسەختترین زیندانە تاریكەكانی شەرم
لەماڵێكی بێ دەرگای ئازادی و
پەنجەرەی هەڵهاتن،
چاوم بە ئازاركردەوەو
نیگام بەبارمتە پشكوت..
* * *
كات یانزەی وەهم بوو
بەكاتی ئەستێرە..
ڕەتڵێكی مابوو شەو ڕاشكێ،
هەناسەیەكی مابوو مانگ،
بتریبجێتە ئەو دیو سترێجی هەورەوە.
* * *
هێشتا مەفرەزە سەرەتاییەكانی كات
بەهەورازی كاتژمێرە
سەختەكانی ئاسۆوە بوون،
مەركانەكانیان پڕی بوو لەسەبر
ئاسۆیان لەئومێد
دڵیان لێوانلێوی شۆڕش..

* * *
لەوێوە بەشێكی منداڵیم
لەكۆشی دایكمدا

بەدەم مژینی ساویلکەییەوە لێجێما.
بەشێکی لەسەردەمی شاخ
بروسکەی ناپاڵمێکی دڵرەق
هەترەشی برد.
برێکی لەکورسییە بەرزەکانی لەیلوکی گوماندا،
دوای ئەوەی پەلکە زێرینە هەڵیفریواند،
نەهاتەوە ناوم.
بەشێکی لەترسی مامۆستا
ئەوەندە پەنجەی ئاقڵیم خستە سەر هەناسەی،
ئێوە خۆش.
بەشێکی لە دەرسی ست ملووک،
لەرەهبەتی دۆزەخ و عەزابی قەبر زارەترەك بوو.
بەشێکی لەپارکەکانی ئازادی
لەساڵرۆژی مندال بوو بەژێر قاچەوە.

هەندێک ئەنفال دەستی ڕەشی
لە گەردنی سپاتیان نا،
تا لەلینگە فرتێی خستن و
دەروی گڕوگاڵی خڕ لەسەر پێوەدان.

بەشێکی تۆپی مین
لەگێمی یەکەمی یاریدا
چوار پەلی داچاندن بەمردن و
دوو دارشەقی لەگریان نانە ژێر باڵ .
ئێستاش وان بەسەر جادەی سەدەمەوە
نوێترین پێڵاوی غوربەت بۆیە دەکەن.
تازەترین جۆری مەدەنیەت لەپێیان دەکا.

هە ندێك شەڕ بردنی
ئەو هات و لەسەر لا،
خۆی کرد بەبەرائەتیاندا
هێندەی فوو لەجگەرەکەی،
لاشەیان کەوتە سەر بێدەنگی.
ئەوەندەی چاو هەڵبڕی
زریکەیان بەئاسمانەوە بوو بەخرخاڵ.
هات و هەتا دیقەت بڕکا

سەر کەوتە سەر
ئەو درەختە چاو سەوزانەی،
چڵی ڕۆحیان داهێشتبوو
بۆ دیلانێی خەیاڵ.
هات و بەهەناسەیەك
گەیشتە هەموو کون و
قوژبنێکی ئاوەدانی.
دەستی بە هێلانەکانی
غەفڵەت گەیی و
بە کونفەیەکوونێک
هێلکەکانی دلنیایی
بەردانەوە سەر تورە بوون.

هەر هێندە تفێك هە ڵدەی
بۆ نێو چاوی مێژوو ،
پەڕی بە کۆترەکانەوە نەهێشت ،
باڵی کوکوختی یەکانی کرد،
ئارامی پەپوولەی کردنە قەرەبرووت..
* * *
ئەوەتا مندالی
بەقاتێ ئازاری کون کون و،
دوو چاوی پڕ لەپرسیارەوە
چەندی خۆی بڵند کا،
ناگاتە ڕدێنی گەورەیی.
هەرچەندی خۆ بکوتێ
کورسیەکی بەر ناکەوێ
لە داسەکنان.
مخابن
لەترسی ترس
مندالیمان ون و و گەورەییمان بزر،
گەورەییمان ون ومنداڵی
کون نییە خۆی تێکا.